## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٥٧) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٥) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و بەرپرسەکانیان بۆ هاوکاریکردنی زیاتری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پێشکەشکردنی ئاسانکاریی زیاتر بۆیان و خستنەڕووی زانیاری و ڕوونکردنەوە دەربارەی کار و چالاکییەکانی حکومەت بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی کوردستان، کە ئەمە بەشێکە لە کارنامەی حکومەت لە ڕووی شەفافیەت و ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان بە هەماهەنگیی فەرمانگەی میدیا و زانیاری و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدواداچوون بۆ سەرچاوەی دارایی سەرجەم کەناڵ و پەیج و وێبسایت و هۆکارەکانی سۆشیال میدیا بکەن ئەوانەی وەک سەرچاوەی میدیا و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی خۆیان ناساندووە.

٣. ڕاسپاردنی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەن و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی میدیا و زانیاری و دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ بۆ ئامادەکردنەوەی ڕەشنووسی ڕێنمایی ئاسانکاریی جێبەجێکردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سیستماتیک، بابەتی پێدانی زانیاریی دروست، بە ڕۆژنامەنووسان و هاووڵاتییان ڕێک بخرێتەوە لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا.

٤. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**